# پرسەو کۆڕی ماتەمینی





.

وەک هەمــوومان ئاگادارین لەڕۆژی 14 / 8 / 2007 و بەسەرپەرشــتی دەزگا جاسوسیـیەکانی داگیر کەرانی کوردستان کە چاویان بەو پێشکەوتن وئازادیـیەی ئەمڕۆی کوردستاندا هە ڵنایەت و هەمیشە لە پـلاندان بۆ لەناو بردنــی ئەو بوارە ئاسایشەی ئەمڕۆ لە کوردوستاندایە و هــەمـوو هـــــەوڵ و تەقــەلایان خستۆتە گەڕ بۆ پەککستنی مادەی سەدو چل وگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بۆ باوەشــی هەرێم و ئەوەی پێیان کرابـێت دژی بەرژەوەندی گەلەکــەمان درێــخیان نەکردووە لـــەم بوارەشدا بەهاوکاری و پشتیوانی و چاوساغی بەکرێگـیراوەکانیان لەنـــاوەوەی کوردستاندا لە ڕێگای چوار تیرۆریستی خۆکوژی دڵڕەش ی دژ بە ئازادی ودژ بە بەهاکانی مرۆڤ بە هۆی چوار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەوە سەدان ڕۆڵەی گەلەکەمانیان لە ناوچەی شەنـگار کرد بە قوربانی مەرامە گڵاوەکانیان.

ئێـمە لەکاتێکدا زۆر بەتونـدی ئیدانەی ئەو کارە تیرۆرســـــتیە دەکەین و ئەوانەی لەپـشتیـیەوەن شەرمەزاریان دەکەین و زۆر بەتوندی دژی هەر پلانێکی هاوشێوەی دوژمنانی گەلەکەمان دەوەستینەوە ،
لە هەمان کاتدا سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی یەکە بەیەکەی خێزان وکەس وکاری ئەو شەهیدە نەمرانە دەکەین و هیوای چاک بوونەوەی هەرچی زوشە بۆ برینـدارەکانیان دەخوازین.

هەر بەم بۆ نە خەم ناکەوە کە ناخی هەموو تاکێکی گەلەکەمانی هەژاند کۆمیتەکەمان کۆمیتەی ڕێکخستنی بەریتانیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک ئەرکێکی سەرشانی هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پرسەو کۆڕی ماتەمینی و وتار خوێندنەوە بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە نەمرانە لە ڕۆژی یەک شەممە لە ڕێکەوتی 2007/08/26 لە هۆڵی کوردستان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد ( KCC ) بە هاوکاری ڕێکخراوی چاک.. کاتژمێر 6 بۆ 8 شەو لەم ئەدرەسەی خوارەوە.

**Kurdish Cultural Centre**
**14 Stannary Street**
**London**
**SE11 4A**

بۆ یە داواکارین بەڕێزتان هاوکاری وبەشداری بەرچاوتان هەبێت لەو پرسەیەدا و هاتنتان نیشانەی دڵسۆزیتانە بۆ خوێنی شەهیدان.
بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونانەوە
07709435998 -07834685137 -07949715442 – 07724590819 - 07912758673

# پرسەو کۆڕی ماتەمینی